Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.102014

# ناسیونالیزم و مۆدێرنیتە لە شیعری کوردیدا:

# پێداچوونەوەیەک بۆ سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی

**فەرەنگیس قادری**

ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی عەرەبی و ئیسلامی، زانکۆی ئێکسێتێر، بەریتانیا

**پوختە:**

سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی قۆناغیکی زۆر گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پێک دەهێنێ، چونکە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی مۆدێرنە، ناسیۆنالیزمی کوردی، هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتەکانی ئێرانی و عوسمانی و دروستبوونی ڕۆژهەڵاتیکی ناوەڕاست کە تێدا کورد دەوڵەتێکی نەبوو. لەم بابەتەدا باس لە پرۆسەی ئاڵۆزی نوێخوازی لە بەرهەمە شیعریەکانی ئەو شاعیرانەدا دەکەین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەرکەوتن و لە دەیەی ۱۹٤۰ دا گەیشتنە ترۆپک. هەوڵدەدەم ئەوە بخەمەڕوو کە شیعری مۆدێرنی کوردی وەڵامێکی جوانیناسی بوو بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و لێکەوتە سیاسیی - کۆمەڵایەتییەکانی، وەک ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

حاجی قادری کۆیی، مۆدێرنیتەی کوردی، ناسیۆنالیزمی کوردی، شیعری مۆدێرنی کوردی، پیرەمێرد، مۆدێرنیزاسیۆنی شیعری

***Corresponding Author***

## 1. پێشەکی

نەریتی ئەدەبی کوردی لەژێر پاڵپشتی ئیمارەتە نیمچە سەربەخۆکانی کوردی لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێران لەسەر بنەمایستراکچەرێکی فرە لەهجەیی پەرەی سەند: کوردی، هەورامی/ گۆرانی، کوردی کرمانجی (کوردی باکور)، سۆرانی (کوردی ناوەند)، کوردی باشور و زازاکی/ کرمانجکی. (Haig & Öpengin ۲۰۱٤) هەورامی، کرمانجی و سۆرانی هاوتەریب لەگەڵ یەکدا لە سەدەکانی ۱۵ و ۱٦ گەشەیان کرد.[1] سەرەڕای ئەوەش، پەرەسەندنی زمان و ئەدەبی کوردی لە ژینگە سیاسییە دژوارەکاندا بەشێوەیەکی جیدی لەمپەریان بۆ گەشەکردنی دروست کردووە، بەشێوەیەک کە هەردوو زاراوەی هەورامی و زازاکی، لەلایەن یونسکۆوە لە ڕیزی ئەو شێوەزارانەی کە "مەترسی لەناوچوونیان" و "فەوتانیان" هەیە دادەنرێن. (Moseley، ۲۰۱۰. ل ٤۰-٤٦) دروستکردنی "ڕۆژهەڵاتیکی ناوەڕاست" کە تێدا کورد بێ دەوڵەت بێت، دۆخی کەمایەتی زمانی کوردی هێندەی تر تۆختر کردەوە، چونکە کورد بەشێوەی جیاواز ڕووبەڕووی سەرکوت و سیاسەتی تواندەوە و تەنانەت قەدەغەکردنی زمان بوونەوە.

لە هەناوی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گرنگەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، شیعری کوردی وەک ژانرێکی سەرەکی ئەدەبی کوردی، کۆمەڵێک

[1] جۆرەکانی زازاکی و کوردی باشوور دواتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا پەرەیان پێدرا.

گۆڕانکاریی قووڵ و "مۆدێرنیزاسیۆنی شیعرانه"ی بەخۆیەوە بینی و پرۆسەی گۆڕانێکی ئەدەبی لەسەرخۆ و پلەبەپلە سەریهەڵدا کە تێدا قاڵبە سونەتییەکان لە گەڵ هەلومەرجی مۆدێرنیتە ئاوێتە کران و لە کۆتاییدا سیستمی جوانناسی کلاسیک تووشی ئاڵنگاری بویەوە و سیستمێکی شیعری "مۆدێرن" جێگەی گرتەوە. ئەم پرۆسەیە و کۆنتێکستەکەی و هێزە بزوێنەرەکانی، تەوەری سەرەکی ئەم بابەتەن، کە لەسەر بنەمای تێزی دکتۆراکەم نووسراوە.

سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی بابەتی چەندین لیکۆڵینەوە بووە بە زمانی کوردی، زۆربەشیان باسیان لەوە کردووە کە لە دەیەی ١٩٣٠ بەشێوەی دابڕانێکی رادیکاڵانە لەلایەن (عەبدوڵلا گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢) (باوکی شیعری نوێی کوردی) سەری هەڵداوە. بەشێوەیەکی گشتیبە بەپێی ئەم لێکۆڵینەوانە شیعری مۆدێرنی کوردی لە ئەدەبیاتی بێگانە، ئیتر ئەدەبی مۆدێرنی تورکی بێت یان ئۆروپایی، ئیلهامی وەرگرتووە. من بە ئیلهام وەرگرتن لە توێژینەوەی (سیمیۆتیک)ی یوری لۆتمەن سەبارەت بە گۆڕانکارییە ئەدەبییەکان (١٩٧٦، ١٩٧٧)، چەمکی "فرە مۆدێرنیتە"ی ئایزنشتات (٢٠٠٠)، وە بە کەڵک وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەکانی فرهاد پیربال (٢٠٠٥) و یادگاری باڵەکی (٢٠٠٥) لەسەر شیعری مۆدێرنی کوردی، کۆمەڵە خاڵێکی وردتر دەخەمەڕوو.

لەم لێکۆڵینەوەدا ئاراستەیەکی جیاواز دەخەمەڕوو کە تێدا باس دەکەم لە شیعری مۆدێرن و چۆنێتی سەرهەڵدانی وەک پرۆسەی گۆڕانکاری ئەدەبی کە بە بڕوای من لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەڕێگەی بەرهەمی شاعیرانی جۆراوجۆرەوە دەستی پێکردووە و لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە. لە رێگەی تاوتوێکردنی لادانی پلەبەپلە لە سیستمی کلاسیکی شیعر و خستنەڕووی زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو پرۆسەیە، لەوباوەڕەدام پاڵنەرەکانی ئەو گۆڕانکارییە شیعریانە لە بنەڕەتدا زیاتر کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، تا ئەدەبی. بە بڕوای من شیعری مۆدێرنی کوردی وەڵامێکی جوانیناسی بوو بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی، وەک ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا. مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم، وەک دوو گوتاری زاڵ و سەرچاوە و بزوێنەری گۆڕانکاری، بوونە هۆی هاتنە ئارای ڕوانگە و بەلاغەتی نوێ و پاشان گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک، پاڵنەر و وشە و ئامرازەکانی بەلاغەت.

من بە پەیڕەوەی لە ئایزنشتات، پێناسەی کلاسیکی ئۆروپامیحوەر[2] بۆ مۆدێرنیتە و مۆدێلە ڕۆژئاواییەکانی مۆدێرنیتە، وەک تاکە مۆدێرنیتە "ڕەسەن" ڕەتدەکەمەوە و لە مۆدێرنیتەی کوردیدا هەندێک لایەنی تایبەتی مۆدێرنیتە کە زۆرترین پەیوەندییان بە کورد و کۆمەڵگەی کوردییەوە هەبووە دەخەمەڕوو. وەک پەروەردە و ناسیۆنالیزم کە هەڵبژاردە و گونجاندنێکی دیار بوون، لە کاتێکدا هەندێک لایەنی دیکەی مۆدیرنیتە بە مەبەست وەلانراون و چاوپۆشیان لێکراوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە جیاوازەکان و خستنەڕووی دیدگای خۆم، بە پێویستی دەزانم بە کورتی باسێکی ئەو توێژینەوانەی کە تا ئێستا کراون لەسەر شیعری مۆدێرنی کوردی بخەمەڕوو. ڕەخنەگرانی دیاری ئەدەبی کوردی وەک عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (١٩٩٠)، کاکەی فەلاح (١٩٧٨)، رەفیق حیلمی (١٩٨٨) و مارف خەزنەدار (٢٠٠٥، ل ١٣-١٤) باسیان لەوە کردووە کە شیعری مۆدێرنی کوردی دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ڕەوتێکی توندی رادیکاڵ و دابڕان لەگەڵ شیعری کلاسیکدا سەری هەڵداوە. لەم لێکۆڵینەوانەدا، شیعری مۆدێرن بە شێوەیەکی سەرەکی بە تایبەتمەندییە شکلییەکانی پێناسە دەکرێت، کە بە گشتی بریتین لە وازهێنان لە سیستەمی کێشی عەروزی کلاسیکی و گۆڕینی بە کێشی هیجائی، و تاقیکردنەوە قافیەی نوێ (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل ٢٨). لە کاتێکدا لە شیعری کلاسیکدا وەزن و قافیە و درێژی بەیتەکان بەدەقیقی یەکسانن، شیعری مۆدێرن بە گشتی بە فرەجۆری کێش و قافیە و نارێکی لە درێژی بەیتەکان دەستنیشان دەکرێ. ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە، لە رووی بینین و بیستنەوە شیعری مۆدێرن لە شیعری کلاسیکی جیادەکاتەوە.

لە کاتێکدا بەزۆری عەبدوڵا گوران (١٩٠٤-١٩٦٢) وەک دەستپێشخەری بزووتنەوەکە ناسراوە، بەڵام هەندێک لە ڕەخنەگرانی دیکە شێخ نووری شێخ ساڵح (١٩٥٨-١٨٩٦) یان ڕەشید نەجیب (١٩٠٦-١٩٦٨)یان بە دامەزرێنەری شیعری مۆدێرن زانیوە.

زاهیر لەتیف کەریم، ساڵی ١٩٨٥ لە تێزی دکتۆراکەی بە ناوی (شیعری ئازاد بە زمانی عەرەبی و کوردی: ئەلسیاب و گۆران وەک نمونە) کە لە زانکۆی گلاسکۆی سکۆتلەندا پێشکەشی کرد، شێخ نووری و گۆران وەک "پێشڕەوانی سەرەکی" شیعری مۆدێرنی کوردی دەناسێنێت (١٩٨٥، ل٥١)، بەڵام ئەوەش دەڵێ ئەوە گۆران بوو کە "درێژەی بە شێوازە نوێیەکەدا و پەرەی پێدا" و "شیعری کوردی لە وابەستەیی تەواوەتی بە شیعری عەرەبی و فارسی ڕزگار کرد و شوناسێکی تایبەتی پێبەخشی." (ل٥٣).

2. ئایزنشتات تیۆرە کلاسییەکانی مۆدیرانسیونییەکان ئۆروپا میحوەر رەد دەکاتەوە کە تێڕوانینێکی یەکسان ساز و هژمونی ئۆروپای دەسەپێنێ بەسەر ئەزموونی مۆدێرناسیونی وڵاتانی تر، کە لە حەیقەتدا ئەو ئەزمونانە تایبەتمەندی و خەسڵەتی خاسی خۆیان هەیە، بۆیە چەمکی فرەمۆدێرنیتە دەخاتەڕوو لە بەرامبەر چەمکی تاکە مۆدێرنیتەی ئۆروپا.

کەریم، پێی وایە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پەرەسەندنی "ڕۆحی مافی چارەی خۆنووسین" کە بەدوای شەڕەکەدا هات، "شتێکی سروشتی بوو دەبوو شیعری کوردی پەیڕەوی لە ڕەوتە سیاسییەکە بکات، شاعیرە گەنجەکانیش بۆیان دەرکەوت کە شتێکیان بۆ وتن هەیە کە ناکرێ لە قاڵبەکانی شیعری کلاسیکدا دەرببڕدرێت. (ل٤٩). ئەو ئارگیومێنتەی کە ناتوانرێت بابەتی نوێ بە شێوەی کلاسیک دەربڕدرێت، زۆرجار لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەبێ ڕوونکردنەوە دووبارە دەبێتەوە. کەریم لە کاتێکدا کە دەڵێت قۆناغی کلاسیک تا ساڵانی ١٩٢٠ بەردەوام بووە، لەوباوەڕەدایە کە فۆرمە کلاسیکییەکان "یەکسەر وازیان لێ نەهێنراوە. سەرەتا ئەو تایبەتمەندییە نوێیانەی کە ئەم قۆناغە جیا دەکەنەوە، لەسەر فۆرمە کلاسیکەکان موتوربە کران." (ل ٥١-٥٢) ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە دوای شیعری کلاسیک "قۆناغی ڕۆمانتیک" لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٤٥، بەدوای ئەویش قۆناغی ریالیزمی/کۆمەڵایەتی" لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٦٠ هاتنە ئاراوە. پۆلێن بەندیی هاوشێوەی ئەمە لە لایەن ڕەخنەگرانی تری کوردەوە وەک رەفیق حیلمی خراونەتەڕوو (١٩٨٨) کە پارادایمی پەرەسەندنی رەوتی ئەدەبی ڕۆژئاوا بەسەر پەرەسەندنی شیعری کوردیدا دەسەپێنێت.

کەریم پێی وایە ئەو شیعرەی کە لە دوای قۆناغی کلاسیکەوە سەریهەڵداوە، ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالیستی هەبووە و "ناوەڕۆك و شێوازی دەربڕینی بە شێوەیەکی گشتی لە نموونەی بیانییەکانەوە ئیلهامیان وەرگرتووە." (ل٤٩-٥٠) ئەو پێی وایە پچڕان لە کلاسیك بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوانەوە بووە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا کە ئەوکات لە ئەدەبیاتی تورکیدا بە بزووتنەوەی نوێ ناسرابوو، کە بە شێوەیەکی تایبەت لەلایەن قوتابخانەی ئەدەبی (فەجری ئاتی)وە نوێنەرایەتی دەکرا." (ل ٥١-٥٢)

بەرتەسکردنی گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی بۆ "فاکتەرە دەرەکییەکان"، چ ئەدەبیاتی تورکی مۆدێرن بێت یان ئەدەبی "ئۆروپی"، بۆتە شتێکی کلیشەیی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. بۆ نموونە سامان سەڵاح حەسەن، لە نامەی دکتۆراکەیدا بەناونیشانی "ژن و ئەدەب: خوێندنەوەیەکی فێمینیستیانە بۆ شیعری ژنانی کورد (٢٠١٣)، کە لە زانکۆی ئێکسێتەری بریتانیا پێشکەش کرا، سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی بە گۆڕانکارییەکی "رادیکاڵ" ناو دەبات دەڵێت: "نەریت و قۆناغە دوور و درێژەکەی شیعری کلاسیکی کوردی، بەدەرکەوتنی گروپێک لە شاعیرە ڕۆمانسی و نەتەوەییەکانی کورد لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم، کە تاڕادەیەک پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانی ئۆروپادا هەبوو و هەستیان بە کاریگەریی مۆدێرنیتە دەکرد، گەیشتە کۆتاییەکی رادیکاڵانە." (٢٠١٣، ل ٧٨) سەڵاح پێیوایە شاعیرانی کورد "لەڕێگەی خوێندنەوە و بەدواداچوون بۆ ئەدەبیاتی ئۆروپایی و بزووتنەوە ئەدەبییەکانی، توانیان گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شیعری کوردیدا دروست بکەن و لە فۆڕمی کلاسیکی ڕزگاری بکەن." (٢٠١٢، ل٧٨)

هەروەها ڕەفیق سابیر، شاعیر و ڕەخنەگری ناودار، لە پێشەکیی کتێبی شیعری مۆدێرنی کوردی (چاپی زانکۆی ئۆپسالا، ٢٠٠٦)دا، سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژئاوایی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەزانێت. ئاماژەدان بە ئەدەبی ئۆروپی وەک ئیلهامبەخشی بۆ گۆڕانکارییەکانی شیعری کوردی لە ڕەخنەی ئەدەبیی بوەتە سونەتێکی باو، هەرچەندە ئەو ئیدیعایە بە ئاڵۆزی و بێ بەڵگە ماوەتەوە. سابیر، باس لەوە دەکات کە مۆدێرنیزم "لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا فراوانتر بووە" و لە کاتێکدا پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) و شێخ نووری وەک دوو کەسایەتی گرنگی مۆدێرنیزاسیۆن دەناسێنێ، ئەویش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە " ناوی باڵادەست لە شیعری مۆدێرنی کوردیدا گۆرانە، کە لە ڕووی ناوەڕۆک و زمان و وەزنی شیعرییەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شیعری کوردیدا دروست کردووە." (هەمان سەرچاوە، ل٢٠)

پێداچوونەوەیەک بەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لەسەر شیعری مۆدێرنی عەرەبی و فارسی بڵاوبوونەتەوە، رەواجی گریمانەی هاوشێوە سەبارەت بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە لە شیعر و ڕووبەڕووبوونەوە دووانەی "کلاسیک" و "مۆدێرن" ئاشکرا دەکات. بۆ نمونە (بەدوی) شیعری عەرەبی مۆدێرن بە سەرەتای هەوڵدان بۆ رزگارکردنی شیعر لە کۆت و بەندە دژوارەکانی عەروز لە ئەنجامی بەرکەوتنی شیعری سیمبۆلیستەکانی فەرەنسی و ڕۆمانتیکی ئینگلیزی پێناسە دەکات. (١٩٧٥، ل١١-٣) ئەو راشکاوانە لە سەبارەت بە زەمینەی سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرن لە جیاتی مۆدێرنیزاسیۆن زاراوەی "رۆژئاوایی بوون" بەکاردەهێنێت. (هەمان سەرچاوە، ل١١) بە هەمان شێوە کەریمی حەکاک لە لیکۆڵینەوە داهێنەرانەکەی خۆیدا بۆ شیعری نوێ فارسی، ئەوە دەردەخات کە بە پێی ڕەخنەی کلاسیکی شیعری فارسی، شیعری کلاسیک تا "ساڵانی ١٩٢٠ یان ١٩٣٠ یان دواتر" بەردەوام بووە و شیعری نوێی فارسی دەرئەنجامی پچڕانێکی رادیکاڵانەیە لەگەڵ ڕابردوودا.(٢٠١٢، ل١).

فەرهاد پیرباڵ، نووسەرو و ڕەخنەگری دیاری ئەدەبی کوردی، لە کتێبەکەی خۆویدا بەناوی "رەگ و ریشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨- ١٩٥٨، ڕوونکردنەوەیەکی جیاوازی لەسەر شیعری مۆدێرن وەک پرۆسەیەک خستوەتەڕوو کە پێش عەبدوڵڵا گۆران دەستی پێکردووە. ئەوەی لە گێڕانەوەکەی ئەودا مایەی گرنگی پێدانە ناوهێنانی حاجی قادر

کۆیی (؟ – ١٨٩٧)یە لە پاڵ شێخ نووری و پیرەمێرد وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعری مۆدێرن. هەروەها بۆ یەکەمجار باسی دوو شاعیری کرمانجی بە ناوەکانی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (١٨٩٠-١٩٥٨) و قەدری جان (١٩١١-١٩٧٢) وەک بەشداربوو لە مۆدێرنکردنی شیعری کوردی دەکات. پیربال بەشداری حاجی قادری کۆیی وەک شاعیرێک کە باسی لە بابەتی مۆدێرنە لە قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی وەک غەزەل یان قەسیدە کردووە، شیعرەکانی ئەو بە "نیۆکلاسیکی" ناودەبات.

یادگار باڵکی، لە کتێبی "سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢"، لە بەرهەمەکانی حاجی قادر کۆیی، هەکاری، مستەفا شەوقی قازی زادە (١٨٦٥-١٩٣٢) و ئەوانی دیکە کە لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٢ شیعری مۆدێرنیان لە گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاوکردەوە، تایبەتمەندییەکانی فۆرم و بابەت لە مدرنیزاسیون شیعر نیشان دەدا.

بە پشت بەستن بە دۆزینەوەکانی ئەم دوو توێژینەوەیە، هەوڵ دەدەم لە ڕوانگە و بابەت و وشە و کەرستە بەلاغییەکان و هەروەها تایبەتمەندییە شکڵییەکانەوە، لادان لە شیعری کلاسیک نیشان بدەم. پێچەوانەی پیربال، من حاجی قادری کۆیی و هەوڵەکانی بۆ ناساندنی رەگەزە نوێیەکان (ناوەڕۆک و فۆرم) بە فۆرمەکانی کلاسیک نەک وەک قۆناغێکی ئینتقالی، بەڵکو وەک پێناسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەزانم.

من پیم وایە کە باسەکانی کاریگەریی ئەدەبیاتی مۆدێرنی تورکی و ئۆرووپی تا ڕادەیەک زیادەڕەوییان تێدا کراوە؛ لە کاتێکدا ئەدەبیاتی مۆدێرنی تورکی و ئۆرپیی بۆ قۆناغەکانی دواتری مۆدێرنیزاسیۆن ئیلهامبەخش بوون، بەباوەڕی من بزوێنەرە سەرەکییەکانی پشت گۆڕانکارییە شیعرییەکان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوون. هەروەها من لەم لێکۆڵینەوەیەدا فرەیی تێڕوانین و ئاراستەکانی مۆدێرنیتە لە شیعری کوردیدا دەخەمەڕوو. ئەگەرچی ئۆرووپا بۆ رۆشنبیرانی کورد سەرچاوەی مۆدێرنیتە بوو، بەڵام کاردانەوەکان جیاواز بوون. کۆمەڵگاکان ڕێگای جیاوازیان بەرەو مۆدێرنیزاسیۆن گرتەبەر، بۆیە هاوکێشەکردنی مۆدێرنیزاسیۆن و ڕۆژئاوایی بوون، بەکەم سەیرکردنی ئەزمونە لۆکاڵییەکانە و کێشەدارە. بە پشتبەستن بە مۆنیکا رینگەر [Ringer] (٢٠٠١) و ئایزنشتات، من پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن، لەناویشدا نوێبوونەوەی شیعری، وەک پرۆسەیەکی هۆشیارانە و داهێنەرانە و چالاکانەی گونجاندن و دانوستان لە نێوان مۆدێلە ڕەسەنە لۆکاڵییەکان و مۆدێلە دەرەکییەکان دەبینم.

## ٢. سەرهەڵدانی مدرنیتە لە شیعری کوردیدا

لە ژمارەی سێی ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە لە ساڵی ١٨٩٨ بڵاوبویەوە، غەزەلێکی حاجی قادری کۆیی بڵاو کراوەتەوە. حاجی خەڵکی کۆیەی باشوری کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بەرەو ئەستەمبوڵ کۆچی کرد. ئەم شیعرەی لە پشتی بەرگی دەستخەتی مەنزومەی (مەم و زین)ی کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا نووسرابوو، نووسیوە. حاجی قادر بەچاوی خۆی گۆڕانکارییە ڕیشەییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکانی کۆتایی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بینیبوو، و نیگەرانییەکانی خۆی بۆ ئایندەی مەم و زین وەک باڵاترین نمونەی شیعری کلاسیکی، و وەک ئاماژەیەکیش بۆ بەرهەمە شیعریەکانی خۆی، بەم جۆرە بەیان کردووە:

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە    چراغی نازم و مونشی کوژاوە
لە دەورەی ئێمە ڕۆمان و جەریدە    ئەگەرچی مەقسەدە زانینی باوە
ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە    لە دنیا ئێستەکە هەمتای نەماوە (١٨٩٨)

حاجی قادر بەداخەوەیە بۆ ئەوەی دنیا گۆڕاوە و (نازم - شاعیر) و (مونشی -کاتب)، کە دوو سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵات بوون لە رابوردوودا «چرایان کوژاوەتەوە»، کە زاراوەیەکە لای کورد/ ئێرانی بەمانای نەمانی میراتگر دێت. بە واتایەکی دی سەردەمی ئەوان کۆتایی هاتووە. حاجی قادر هاتنی چاپخانە بە هۆکاری پێویست نەمانی (مونشی) زانیوە و لەوباوەڕەدا بووە ڕۆمان و ڕۆژنامە ئاڵنگاریان بۆ شکۆی و دەسەڵاتی چەند سەد ساڵەی شیعر دروستکردووە، هەرچەندە لەسەردەمی ئەودا هێشتا هیچ ڕۆمان و ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاونەبووەوە. لە جێگەیەکی دیکەدا بە خەفەتەوە دەڵێ:

سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ    ڕۆژنامە و جەریدە کەوتۆتە قیمەت و شان (٢٠٠٧، ل. ٩٨)

خستنە ژێر پرسیاری پەیوەندی شیعر بە جیهانی مۆدێرن لەلایەن شاعیرانی کورد و هەوڵدان بۆ «بەستنەوە»ی بە جیهانی لە حاڵی گۆڕان، کرۆکی گۆڕانکاری شیعری نوێیە.

توێژینەوە لە شیعری کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەرسوڕمانی شاعیرانی کوردمان بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی ڕۆژئاوا بۆ دەردەخات. بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی لەو سەردەمەدا، تەنیا شیعر بوو کە میللەتی کوردی لە نوێترین داهێنانە زانستی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی ئۆرۆپا ئاگادار دەکردەوە.

شیعر وەک ژانرێکی ئەدەبی، بەزۆری زارەکی، پشتی بە خوێنەواری نەبەستووە و بەدرێژایی دەیان سەدە وەک کەرەستەیەکی کاریگەر بۆ دروستکردنی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاری بەکارهاتووە. بەکەڵک وەرگرتن لەم تایبەتمەندییەی شیعر، لە پاشخانی تەشەنەسەندنی نەخوێندەواری لە کۆمەڵگای کوردیدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم (حەسەن پور، ١٩٩٢،

ل٦٥)، ئەدیبانی کورد دەستیان دایە تەرخانکردنی شیعر بۆ بە ئاگاهێنانەوەی خەڵک لە ڕووداوەکانی دنیای مۆدێرن. ئەمەش کارێکی نوێ بوو بۆ شیعر و بووە هۆی هێنانەکایەی هەندێ واژەی نائەدەبی و، یوری لۆتمەن گوتنی "دەرەوەی سیستەم"، هەندێ واژەی وەک "شەمەنەفر"، "تەلگراف" و "ئەلکتریک" بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی شیعرەوە هاتنە ناو زمانی کوردییەوە.

هەرچەندە حاجی قادر لەوشیعرانەدا بێزار و نیگەران دەردەکەوێت لە دیاردەکانی مۆدێرنیتە، بەڵام هەر زۆر زوو بوو بە لایەنگری تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان و لە هەموو شاعیرە هاوچەرخی خۆی زیاتر باسی لێوە کردون. ئەو دەمەی کە هێشتا لە ئەستەمبوڵ بوو، ئاوا نووسی:

سەفەر ئەندەر وەتەن چ کەڵک دەگرێ        سەیری ناکەی شەمەندەفەر دەفڕێ...

تەلغرافیش تەلێکە بێ مایە موخبری ڕووی کوللی دونیایە

(کویی، ٢٠٠٧، ل ١٩٧)

جگە لە سەرسورمان لە پێشکەوتنەکانی ئۆروپا، بەراوردکردنی بە دۆخی نالەباری نیشتمان دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ ترس، شڵەژان و دڵەڕاوکە نوخبەی کوردی. ئەم غەزەلەی خوارەوەی ئەسیری (١٨٩٥ - ١٩٦٢) ئەوە دەردەخات:

خەڵکی خۆرئاوا بزانی چی ئەزانن،وڕ ئەبی        گەشتی شار و کارخانە و کردەیان کەی سڕ ئەبی

سەیری وێرانە و کەلاوەی خاکی کوردستان بکەی   تێدەگەی حاڵی گەلت،ئەنجا لە داخا مڕ ئەبی (٢٠٠٦، ل٢٣٣)

شیعرە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم پڕن لەم جۆرە بەراوردکردنانە و چەمکەکانی ئیرەیی، دڵتەنگی و هاوکات جۆرێک لە هیوای شاراوە لەوشیعرانەدا بەدی دەکرێت، ئەمەش قسەی "فردریک جیمسون"مان بیر دەخاتەوە کە وتبووی "مۆدێرنیتە وەهمێکی بینراوە، کە سەرچاوەکەی بریتیە لە ئیرەیی، هیوا، هەستی خۆ بە کەم زانین و پێویستی بە لاساییکردنەوە."

لەم نموونانەی سەرەوەدا، وێرای ڕەچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی غەزەلێکی کلاسیکی وەک ژمارەی دێڕەکان و قافیە، ناوەڕۆکی نوێ و ڕەگەزە زمانەوانی وبەلاغییەکانیش لەخۆدەگرن. وەها "ئاوێتەکردنێکی ڕەگەزە کۆن و نوێیەکان"، بە بڕوای لۆتمەن، یەکێکە لەو ستراتیژیانەی کە سیستەمێکی ئەدەبی لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەگەزە "دەرەوەی سیستەمییەکان"دا بەکاری دەهێنێت. (لۆتمەن، ١٩٧٧، ل ٢٢)

بە بڕوای لۆتمەن، دەق بۆ ئەوەی داهێنانەکانی بخاتەڕوو، پێویستە ستراکچەرە باوەکانی خۆی بپارێزێت. (هەمان سەرچاوە) لە کاتێکدا ئەو دەقانەی سەرەوە دەتوانرێت وەک غەزەل بناسرێنەوە، بەڵام بە کرانەوەیان بەڕووی "ڕەگەزە نوێیەکان" "ناڕوونی"یەک بەرهەم دەهێنن، و بوونی ناڕوونی لە دەقدا نیشانەی کرانەوەی سیستەمی ئەدەبی و ئامادەکارییە بۆ بازدانێکی دینامیکی. (لۆتمەن، ١٩٧٧، ل ٢٢)

لە کاتێکدا غەزەل و قەسیدەی کلاسیک بەوە ناسراون کە بۆ دەربڕینی هەستی تایبەت و ئەزموونی تاکەکەسی بەکاردێن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، وەک چۆن نموونەکانی سەرەوە دەریدەخەن، بوون بە فەزایەک بۆ ڕامانی بەکۆمەڵ و گشتی و هەروەها بوون بە ئامرازێکی ڕۆشنگەری. بەکارهێنانی فۆرمەکانی شیعری کلاسیکی وەک غەزەل و قەسیدە بۆ دەربڕینی بابەت و ناوەڕۆکی نوێ، گەرچی لە لایەن حاجی قادری کۆیییەوە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کرا، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لادانێکی ئەدەبی بوو، بەڵام لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بووبە فۆرمێکی قبوڵکراو و تەنانەت باویش.

لەگەڵ دەرکەوتنی واژەی نوێ بۆ دەربڕین کە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی پێشەسازی مۆدێرن بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی، هەندێ لەو چەمکانەی کە هەبوون، مانای ئایدۆلۆژی نوێیان وەرگرت، بۆ نمونە هەندێ چەمکی کلیلی وەک (وەتەن)، (دەوڵەت)، (میللەت) ماناکانیان گۆڕا. بۆ نموونە (دەوڵەت) لە شیعری کلاسیکیدا بە مانای "سەروەت و سامان" و "دەسەڵات" دەهات، وەک چۆن لەم بەیتە شیعرەی سالم (١٨٠٠-١٨٦٦) شاعیری کلاسیکی ناودار دەردەکەوێ:

ئاخری هەردوو لا دەوڵەت و بێ دەوڵەتی        پەیکی ئەجەل تەی دەکا هەرچی فەراز و نشیب

(عارف وەرگیراوە، ٢٠٠٩، ٤٠١)

بەڵام حاجی قادر چەمکی (دەوڵەت) بە مانای ئاماژەکردن بۆ دەوڵەتی مۆدێرن بەکاردەهێنێ:

بە غەیری ڕۆمی و ئینگلیس و ڕووسی بێ حەددن دەوڵەتان ناویان بنووسی لە جێی خۆیان هەستاون بە غیرەت

لە دنیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت سەراپا ساحیبی سکە وسوپاهن وەکوو جەم ساحیبی تەخت و کولاهن

(٢٠٠٧، ل ١٩٥ )

بەهەمان شێوەیە (وەتەن - نیشتمان) لە شیعری کلاسیکدا ئاماژەیە بۆ شوێنی لەدایکبوونی شاعیر، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ماناکەی فراوانتر بوو بۆ جوگرافیاییەکی گەورەتر و هەرچەندە سنوورەکەی تاڕادەیەک ناڕوون بوو، ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە کورد تێیدا دەژیا. دووبارە وێنا کردنەوەی ڕەگەزی نیشتمان لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەرەتا لە شیعردا و دواتر لە ژانرە تازەباوەکانی وەک دراما و چیرۆکدا دەرکەوت، ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەکردنی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردیدا گێڕا. وێناکردنی نیشتمان وەک دایکێکی نەخۆش یان ژنێکی گەنج،

که هەردووکیان پێویستیان بە پاراستن و پشتیوانی هەیە، ئامرازێکی بەهێزی بۆ ناسیۆنالیستە کوردەکان دابین کرد بۆ کۆکردنەوەی هێز بۆ بەرگریکردن لە "شەرەف"ی نیشتمان. (قادری، ٢٠١٥، ل ٢٢٨)پشتیوانی لە مافە نەتەوەییەکان، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کە ئیلهامی لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی بەلکان و ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی وەرگیرگرتبوو، بابەت و پاڵنەرێکی نوێی هێنایە ناو شیعرەوە. شیعر بە دروستکردنەوەی ڕابردووی قارەمانانە، نۆستالژیای "ڕۆژانی زێرینی لەدەستچوو"ی میرنشینە نیمچە ئۆتۆنۆمیەکانی کورد، "سەردەمی ئازادی کورد"، ڕێزگرتن لە کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، چاندنی هەستی شانازی کردن بە کوردبوون، بە ڕۆمانتیزەکردنی کورد لەبەر ئازایەتی و بەخشندەیی و دلاوەری، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بونیاد/بنیاتنانەوەی یادەوەری نیشتماندا گێرا:

لە گاوان و شوانی کوردەکان یەک بەسە بۆ لە لەشکەری سەد کەڕەرە دوولەک (کویی، ٢٠٠٧، ل٦٨) بەرەوپێشبردن و ڕێزگرتن لە زمانی کوردی پرسێکی دیکەی گرنگ بوو کە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە تێڕوانین بەرامبەر بە زمانی کوردی ختسەڕوو. هەرچەندە چەندین سەدە بوو زمانی کوردی بەکاردەهات، بەڵام زمانی سەرەکی دەربڕینی شیعری نەبوو، چونکە بۆ فەساحەت بە کەمتر لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دادەنرا.[3] بۆیە زۆرجار لەوڕووەوە ئەو شاعیرانەی بە زمانی کوردی دەیاننووسی، بە پێویستیان دەزانی ڕوونکردنەوەیەک بدەن. (قادری، ٢٠١٠، ل ٧١٨) لە بەیتێکی نالی (١٨٥٦-١٨٠٠)، بەناوبانگترین شاعیری کلاسیکی کورد، باس لەوە دەکات "بە عەمد" بە زمانی کوردی دەنووسێت و ئەم کارە بۆ "تاقیکردنەوەی" توانای خۆی لە نووسینی شیعری "فەسیح"، دەکات، کە لەم کارەشدا گەیشتە لوتکە:

تەبعی شەککەربار من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وادەکا بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، باڵادەستی فارسی و عەرەبی ڕووبەڕووی ئالنگاری بویەوە و پرسیاری بۆچی بە کوردی بنووسین؟ گۆڕدرا بۆ پرسیاری "بۆچی بە کوردی نەنووسین؟". حاجی قادری کۆیی دیارترین کەسایەتییە لە پەرەسەندنی ئەم هۆشیارییە نوێیە سەبارەت بە زمانی کوردی. داواشی لە ڕۆشنبیرانی کورد کرد کە زمانەکەیان پەروەردە بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لە نووسین بە زمانە غەیرە کوردییەکان. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە گرنگیان بە ئامۆژگارییەکانی نەدەدا، گاڵتە و ڕسوا دەکردن. (قادری، ٢٠١٥، ل ١١٤-١١٥):

یەکسەر عولەما دروشت و وردی ناخوێننەوە دووحەرفی کوردی ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە وەک دی لە زوبانی خۆی نەزانە کۆیی ٢٠٠٧، ل ٢١٩) حاجی قادر لە جێگەیەکی دیکەدا نووسین و بەرهەمهێنانی ئەدەبی بە زمانەکانی غەیرە کوردی بەراورد دەکات بە تەقەلاکانی زەردەواڵە و کرمی ئەورێشم: ئەوان هەنگوین و ئاوریشم بەرهەم دێنن، بەڵام بەرهەمەکانیان لە لایەن «ئێرانی و تورکەکانەوە» بەتاڵان دەبرێ. (قادری، ٢٠١٦، ل. ١١٨) شیعرەکانی حاجی قادر سەبارەت بە زمانی کوردی و ڕەخنەکانی لە ڕۆشنبیرانی کورد کە گرنگی بە زمانی خۆیان نادەن، لە مێژووی شیعری کوردیدا زۆرترین گرنگی پێدراوە و بوونەتە ئیلهام بەخشی چەندین نەوە. تەرویج کردن بۆ زمانی کوردی و خەفەتخواردن لەوەی نوخبەی کورد لەوە غافڵ بووە، لەسەرتاسەری سەدەی بیستەم بابەتی سەرەکی شیعری کوردی بووە.

سەرسامبوون بە مۆدێرنیتە و سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی کورد وەک پرسێکی نوێ، کۆمەڵێک واژەی نوێی هێنایە ناو شیعری کوردییەوە و مانای ئایدیۆلۆژی نوێی بەخشی بە هەندێک واژەی تر کە پێشتر بەکار هاتبوون. هەرچەندە هەندێک داهێنان لە شکڵدا وەک بەکارهێنانی قافیەی جوت سەروا بۆ غەزەل کە بە شێوەیەکی ئاسایی یەک قافیە بوو، و هەندێک داهێنانی تری عەرووز خرایەڕوو (پیربال، ٢٠٠٥؛ باڵەکی، ٢٠٠٥)، بەڵام هێشتا فۆرمی شیعری کلاسیک بۆ دەربڕینی چەمکە نوێیەکان، بەکارهێنران، کە لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو بە پێڤاژۆیکی جێگیر لە شیعردا.

### ٣. شیعر وەکو ئامرازێکی ڕۆشنگەری

گۆڕانکارییە دیارەکانی واژەگان، وێنەی شیعری، ناوەڕۆک، تەوەر و مۆتیڤ و بەلاغە لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، قۆناغێکی نوێی بۆ شیعر هێنایە ئاراوە. ناوەڕۆکە چەسپاوەکانی شیعری کلاسیک و زمانە مەزنەکەی، وردە وردە "ناپەیوەندیدار" و "بەسەرچوو" دەهاتنەبەرچاو و داوا لە شاعیران دەکرا دەستبەرداریان بن و لەبری ئەوە گرنگی بە "پێداویستییەکان"ی نەتەوەکەیان بدەن، وەک چۆن ئەم پێنج خشتەکییەی خوارەوەی ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٨٩١-١٩٣) ئەوە پیشان دەدا:

شاعیری کورد، بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن لابدەن کەم باسی سونبول و لقی لاولاو بکەن ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن زووبەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن (جاف، ٢٠٢٠)زولفی پەرێشانی یار، سونبول ولاولاو کۆمەڵە وێنەیەکی دووبارە بووەوە بوو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. ئەحمەد موختار جاف داوا لە شاعیرەکانی

[3]بۆ نموونە مەلا محەممەدی کوڕی ئەلحاج، نووسەری کتێبی مەهدی نامە) کە یەکێکە لە یەکەم دەقە ناسراوەکانی کوردیی سۆرانی، نووسیویەتی: «نەزمم کرد بە قەولی سەحیح / بە لەفزی کوردی نافەسیح». (لە خەزنەدار وەرگیراوە، ١٣٨٤، ل٥١).

کورد دەکات ئەم چەمک و پاڵنەرانە وەلاوە بنێن و باس لە ئەرکی بەپەلە و «حاڵی قەومی دڵسووتاو» بکەن.

مەلا عەبدوڵلا توتنچی، ناسراو بە موفتی پێنجوێنی (١٨٨١-١٩٥٢)، جگە لەوەی لەسەر ئەم بابەتە هاوڕایە لەگەڵ جاف و شاعیرانی هاوعەسری، پیاهەڵدان بە (یار) و (زوڵف) و (شانە) بە عەیبە دەزانێ بۆ شاعیر (لەم زەمانە)دا، و بە (خەرافی) (ئەفسانە)یان دەزانێ و بە حەیفی دەزانێ شاعیرانی هۆشیار و زانا خۆیانی پێوە خەریک بکەن:

عەیبە شاعیر لەم زەمانە یاری زوڵف و شانە بێ
یا سوپاسی قامەتی گوڵزاری ڕووی جانانە بێ
هەر کەسێ لافی ئەدیبی وا لە سەریا بۆ تەماع
حەیفە ئەشعاری خەرافی یا قسەی ئەفسانە بێ
شاعیریی بیکەی بە کوردی یانی خاوەن هۆش و بیر
چۆن ئەبێ هوشیار و زانا و هۆنەری لەرزانە بێ
هەر ئەدیبێ خووی لەسەر خاڵ و خەت و ئەگریجە بوو
من لە هەق داوا ئەکەم خوا بیبڕێ هەر با نەبێ

ئەم جۆرە خواست و داواکاریانە بەشێکی بەرچاوی شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم پێکدەهێنێت. لەهەلومەرجێکی وادا بوو ئەسیری دیوانەی ٤٠٠٠ دێڕیەکەی خۆی گڕ تێبەردا. ئەسیری دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٨دا سەفەرێکی ئەستەمبول، جبل لبنان، و بەیرووت کرد و بە قسەی خۆی "کارخانان و کردەوی ڕۆژئاوایان دەبینێ ئەو هەموو بینا وئاپارتمان و کارخانە مۆدێرن و تەکنەلۆژیایەی ئۆروپا"، هەموو ئەوانەی کە تا ئەو کاتە نووسیبوونی – بەزۆری شیعرە کلاسیکەکانی – بە "ناپەیوەندیدار" دەزانێ. (٢٠٠٦، ل ٣٠) پاش دابڕانێکی کورت کە "ئارەزووی شیعر وتنی نامێنێ" و بوو " بە دوژمنی خوونیی خۆشەویستانی کاکوڵ و زوڵف و روخسار"، دەستی دایە هۆنینەوەی هەڵبەستی "پێخوازی چاخێ" و وەک دەزانین زۆرتر ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالیستانەیان هەبوو. (ئەسیری، ٢٠٠٦، ل ٣٠-٣١) یەکێک لەو بابەتانەی کە «پەیوەست» بوو بە [چاخ]ەکەوە، بانگەشەکردن بوو بۆ مەسەلەی پەروەردە و فێرکردن وەک دەرمانی تەواوی دەردەکانی کۆمەڵگای کورد و ڕێگەی «سەربەخۆیی» و «پێشکەتن». ئەوەیش یەکێک لەو بابەتانەی کە لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا زۆرترین باسی لێوەکراوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەم، بەزۆری کۆمەڵگای کوردی وەک «میللەتێکی خەوتوو» کە «هۆشیاری خۆی لەدەست دابوو» دەناسێندرا، لە کاتێکدا هەموو میللەتەکان بەئاگا بوون لە گەشەکردندا بوو. (قادری، ١٣٩٠، ل ٧١٩) لە پاشخانێکی ئاوادا، ئەرکێکی نوێ سپێردرایە شاعیران، ئەرکی بەئاگاهێنانەوەی میللەتەکەیان لە "خەوی نەزانی" و سەرلەنوێ زیندووکردنەوەیان. زۆرجار "نەزانین" وەک هۆکاری ئەو هەموو ئازارانەی کورد دەخرایەڕوو. ئەم شیعرەی خوارەوەی

عەبدوڕەحیم ڕەحمی هەکاری (زاپسو)، شاعیری ناسیۆنالیستی کورد و زانای ئایینی، کە لە ساڵی ١٩١٩ لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە، نمونەی ئەم شیعرانەیە:

Ey cehl û nezanîn tuyî dijmin, tuyî xaîn
Zulma teye hêlan hemî bê sen‘et û bê dîn
Qehra teye wêran kirîye, ah, vetenê min
Kîna teye bê lane kirî cism û tenê min
Servet te ji min standîye bê mal û diravin
em maîne belengaz û feqîr, xane belavin

ئەی جەهل و نەزانین تویی دژمن، تویی خاین
زولما تەیە هێلان هەمی بێ سەنعەت و بێ دین
قەهرا تەیە وێران کریە، ئاە، وەتەنێ من
کینا تەیە بێ لانە کری جسم و تەنێ من
سەرڤەت تە ژ من ستاندیە بێ ماڵ و دراڤن
ئەم ماینە بەلەنگاز و فەقیر، خانە بەلاڤن (١٩١٩ ل ١٦)

هەکاری ئاماژەی بەوەدا کە نەزانین دەبێتە هۆی "لەدەستدانی لێهاتوویی" و "لە دەستدانی ئیمان."ئاسۆی لەدەستدانی ئیمان لە ئەنجامی نەبوونی زانست، ڕێگەیەکی بەهێز بوو بۆ بانگەشەکردن بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردە، بە تایبەت ئەگەر لەلایەن زانایەکی ئیسلامی بخرێتەڕوو. لە دێڕی دووەمی ئەو شیعری سەرەوەدا، تراژیدیای "نەزانین" و "نەبوونی زانست" لە ئاستی تاکەکەسیەوە درێژ دەبێتەوە تا ئاستی نەتەوەیی، و نەزانین وەک هۆکاری "هەژاری" و "بێ ماڵ و حاڵ"ی میللەت و نەبوونی دەوڵەتی [کوردی] دەخرێتەڕوو.

جگە لە پرسی ناسیۆنالیزم، سەرنجڕاکێشترین لایەنی مۆدێرنیزاسیۆن بۆ کورد پەروەردە بوو و تەنانەت بە هاوتای مۆدێرنیتە دادەنرا. بۆ بەرەوپێشبردنی فێرکردن و پەروەردە و ناسیۆنالیزم کەڵک لە دروشمە ئیسلامیەکان وەردەگیرا. فێربوونی زانست و پەروەردە لەگەڵ فێرکاری ئیسلامیدا هاوتەریب بوو، بۆ بەهێزکردنی بەڵگەکان پشت بە ئایەت و گێڕانەوەکانی قورئان دەبەسترا. لە کاتێکدا ستایشی "ئۆروپا" دەکرا بەهۆی دەستکەوتە زانستییەکانیەوە، زانایان و نووسەرانی ئایینی وەک هەکاری بەوریایەوە باسی "ئۆروپا"یان دەکرد، بۆ نمونە هەکاری خۆی دەپاراست لەوەی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بداتە پاڵ "ئۆرووپی"یەکان:

" Wekî xwedê dinya afirandî, nîmetên xwe li ser hemi milletan belav kirî, em kurd jê cuda nekirine. Dêmek bahra me her wekî hemîyan di dinyayê heye. Hal ew hal e hemî millet xwedanîyê di heqê xwe dikin, belê em carekê heqê xwe nas nakin heta xwedanîyê bikin. Wekî em heqê xwe nas nakin, millet wekî cînarê me

ye ew jî hes naket ku em heqê xwe bizanin. Lewra nezanîna me kara wan e; be wê dibine warisê me, heqê me jibo xwe distînin; em jî millet bêhaq di nav wan da dimînin; ber destê wan, di bin zulma wan mehû dibin. Çûnkî em heqê xwe nas nakin ku jibo bigrîn.

وەکی خودێ دنیا ئافراند، نیعمەتێن خوە ل سەر هەمی مڵەتان بەلاڤ کری، ئەم کورد ژێ جودا نەکرنە. دەمەك بەهرا مە هەر وەکی هەمیان د دنیایێ هەیە. حال ئەو حال نە هەمی مڵەت خوەدانیێ د هەقێ خوە دکن، بەلێ ئەم جارەکێ هەقێ خوە ناس ناکن هەتا خوەدانیێ بکن. وەکی ئەم هەقێ خوە ناس ناکن، مڵەت وەکی جیناریێ مە یە ئەو ژی هەس ناکەت کو ئەم هەقێ خوە بزانن. لەورا نەزانینا مە کارا وان ئە؛ بە وێ دبنە وارسێ مە، هەقێ مە ژبۆ خوە دستینن؛ ئەم ژی مڵەت بێ حق د ناڤ وان دا دمینن؛ بەر دەستێ وان، د بن زولما وان مەحوو دبن. چوونکی ئەم هەقێ خوە ناس ناکن کو ژبۆ بگرین.″ (١٩٨٥، ل ٣٠٩-٣١٠) هەکاری ئاماژەی بەوەدا کە هەوڵدان بۆ مافە نەتەوەییەکان ئەرکێکی ئایینییە. لێکدانەوەی ئایینی بۆ ناسیۆنالیزم و بەکارهێنانی چەمکە ئیسلامییەکانی وەک بەڵگە بۆ گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی و نیشتمانپەروەری، یارمەتیدەرێکی زۆر بوو بۆ بەرەوپێشبردنی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەشداریی ئەوان لە لێکۆڵینەوە و گێڕانەوەی پەرەسەندنی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردیدا تاڕادەیەکی زۆر لەبەرچاونەگیراوە. بەڵام لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لەچاو ساڵانی ١٩٣٠ ڕوانگەیەکی عەلمانی بۆ ناسیونالیزم جێگەی بەلاغەی ئایینی گرتەوە. دوای بیست ساڵ لە بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی هەکاری کاتێک کۆمەڵێک لە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە نێویاندا زاواکەی هەکاری موسا عەنتەر[4] کۆبوونەوە بۆ ئەوەی "کۆمەڵەی پشتیوانی لە کورد" دامەزرێنن، ئامادە نەبوون بۆ پابەند بوونیان سوێند بە قورئان بخۆن و بڕیاریاندا لەسەر ئاڵایەکی کوردستان و تفەنگ سوێندەکە بخۆن. (لە ئایدین وەرگیراوە ، ٢٠٠٥، ل٦٨-٦٩) ئەرکی نوێی شیعر و پاڵپشتی کردنی پەروەردە و ناسیۆنالیزم، پێویستی بە بوونی زمانێکی سادەتر بوو لە زمانی زۆر ڕازاوە و ئاڵۆزی شیعری کلاسیکی. بەم شێوەیە شاعیرانی مۆدێرنیست هاندران بە زمانێک بنووسن کە لە "زمانی خەڵک نزیک" بێت. ئاراستەی نوێی شیعر و مەبەستی نوێی پەروەردەیی و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پەخشانی کوردی، زمانی شیعری گۆڕی بۆ زمانێکی ڕاستەوخۆ و بەردەست. سادەیی و بەردەست بوونی زمان دواتر بوو بە یەکێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوە دیارەکانی شیعری مۆدێرن.

٤. لاسایی کردنەوەی "ئەوروپا": قۆناغی پێش بە لوتکەگەیشتنی مۆدێرنیزاسیۆنی شیعری کوردی تا بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، شاعیرانی کورد بە سەرکەوتووانە فۆرم و مەرجەکانی شیعری کلاسیکیان بۆ دەربڕینی بابەت و ناوەرۆکی نوێ بەکارهێنا. بەکارهێنانی پۆتانسێلی مەرجەکانی شیعری کلاسیکی بۆ ئامانجی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی، گۆڕانکاری گرنگی لە سیستەمی شیعری کلاسیکدا دروست کرد. یوری لۆتمەن، ئاماژە بەوەدەدا کە کارلێکی رەگەزە کۆن و نوێیەکان، "سیستەمی" و "دەرەوەی سیستەم"ی داینامیکی دەقێکی ئەدەبی درووست دەکات.

ململانێی نێوان کۆن و نوێ تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە کۆنەکە دەچێتە پەراوێز و "وەک مانەوەیەکی ناپەیوەندیدار سەیر دەکرێت" و "سیستەمی جوانیناسی نوێ، لەوانەش مژوولییە بابەتییەکانی نوێ و دابەشکردنی فەرمی، بەها بەدەست دەهێنێت". (وەرگیراوە لەلایەن کەریمی حەکاک٢٠١١ ، ل ٧) لە کۆتاییەکانی بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، پەیوەندیی سیستەمی شیعری کلاسیکی بە جیهانی "مۆدێرن"ەوە نەک هەر خرایە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بە "ناسروشتی" ناوزەد دەکرا و گاڵتەیان پێدەکرا. پیرەمێرد، شاعیر و ڕۆژنامەنووس و شانۆنامەنووسی دیاری مۆدێرنیست، بە رامان لە پیشەکەی خۆی، نووسیویەتی: "من لە هەندێ شیعری پر ئیغلاق و طمطراقی کۆنی خۆم شەرمەندەم. خۆ هەندێ تشبیە هەیە کە جاران زۆر پەسەند بوو، ئێستاکە لێی ورد ئەبینەوە تەریق ئەبینەوە!" (پیرەمێرد، ٢٠٠٩ب، ل١٨)

ئەو بە هێنانەوەی نموونە ئەو جۆرە تەشبیهانەی ڕوون کردەوە: "پیاو مەحبوبەی لا ئەبێ بە دەڵەدێوێ تا بتوانی راکەی لێی، مەسەلەن [شاعیرانی کلاسیک] وتویانە: "ئەبرۆی کەمەندی ڕۆستەم، و گیسو کەمندی زاڵ، موژگان سنان گیو، زنج چاە بیژن است." دە وەرە کەمەندی رۆستەم کە تیری لە ئۆردوی ئێران پێ دەخستە جەرگەی توران و ئەو کەمانە و کەمەندی زاڵ کە سەد و پەنجا گەزی شایە و سەرە رمی گیوی و چاڵی بیژەن گردبوونەوە و لە ئافرەتێکدا پیاو چۆن لێی ناترسێ؟! لەوە نازکتر زوڵفیان داناوە بە ڕەشمار و برژانگ بەتیر، قەد بەداری سەروشمشاد. ئەمانە هەموو درندە و کوشندە چە تەئسیرێک ئەکاتە سەر رۆح؟! (پیرەمێرد، ٢٠٠٩، ل ١٨) ئەو جۆرە شەرمەزارییە لە زمانی (پر ئیغلاق)ی شیعری کلاسیک، دیاردەیەکی نوێ بوو لە شیعری کوردیدا و خاڵی وەرچەرخان بوو لە پەرەسەندنیدا. ئەم ڕوانگە نوێیە لە گوتاری ئەدەبی فارسی و تورکیشدا بەدی دەکرێت. کەریمی حەکاک، لە لێکۆڵینەوە داهێنەرانەکەی خۆیدا لەبارەی شیعری مۆدێرنی فارسی، ئاماژەی بەوە کردووە کە شیعری کلاسیکی فارسی

4. موسا عەنتەر (١٩٢٠-١٩٩٢) نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی کاریگەری کورد بووە و لە ساڵی ١٩٩٢ لە تورکیا تیرۆر کراوە.

وەک ئەدەبێکی "ناسروشتی و بێ پەیوەندی لەگەڵ ئەزموونی ژیانی ڕاستەقینە" دادەنرا. (٢٠١٢، ل ٣٢) پیرەمێردە کە خۆی سەرسام بوو بە ناوەڕۆکی "واقعی" لەبەرامبەر "خەیاڵی"، هەڵوێستێکی بێزێزی بەرامبەر بە شیعر بەگشتی هەبوو، شیعری بە "پیشەی درۆزنەکان" وەسف دەکرد. ئەو بە ویژدانی ڕاحەتەوە ئەوە بیر دێنێتەوە کە سەرکەوتوو بووە لەوەی مێژوونووسی مۆدێرن محەمەد ئەمین زەکی بەگی ڕازی کردووە "بەهرەی نووسینی خۆی لە شیعردا بەفیڕۆ نەدات":

"چاک بوو شوکور، ئەمین زەکی بەگ وازی لەو پیشەی درۆزنەی ئەو سەردەمە هێنا و دەستی دایە غیلم و فەن کەوا ئێستە بەو غیلمەوەیە ئەو هەموو خزمەتەی پێ ئەکرێ". (پیرەمێرد، ٢٠٠٩ب، ل٢٠) بەم جۆرە نووسینی شیعر بە بێهودە و بێ پەیوەندی بە واقیع دادەنرا و ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا باسی لێوە دەکرا. سەرەڕای ئەوەش، پیرەمێرد هەرگیز لە نووسینی شیعر نەوەستا، چونکە دانی بەوەدا نا کە شیعر "خەیاڵ ئەکا بە فکر، فکر ئەکا بە فیعل و کردەوە". (پیرەمێرد، ٢٠٠٩ب، ل١٤). هەر ئەم پۆتانسێلەی دۆزینەوەی بیرکردنەوە و لە ئەنجامیشدا کردار بوو کە سروشتی شیعری لەم قۆناغەدا پێناسە کرد. شیعر وەک هێزێک بۆ کردار و گۆڕانکاری بەکارهات.

لە کۆتاییەکانی بیستەکان و سەرەتای سییەکانەوە، سەرسام بوونی نوخبەی کوردی بە پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی ئۆروپا، پەرەدەسێنێت و وای لێ دێت هەموو شتێکی ئۆروپایی لەنێویاندا کولتوور و ئەدەبیش دەگرێتەوە. وا بیر دەکرایەوە کە شاعیرانی "ئۆروپی" "لە خولیای وموبالغەت" لایانداوە و "مادی و حەقیقی دەنووسن". (پیرەمێرد ٢٠٠٩ ب، ل ١٨) بۆیە پێشنیاری لاسایی کردنەوەی لە مۆدێلێکی جوانیناسی نوێی "شیعری ئۆروپایی" کرا. لەگەڵ ئەوەشدا، لێکۆڵینەوە لە سەر ئاماژەکان بە "ئۆروپا" و "شیعری ئۆروپایی" لەلایەن شاعیرانەوە ئەوە دەردەخات کە شیعری ئۆروپایی پارادایمێکی ناڕوون و تا ڕادەیەک "خەیاڵی"یە. ڕەخنەی کەریمی حەکاک لە "سروشتی خەیاڵی" تێگەیشتنی ڕۆشنبیرانی ئێران لە "ئەدەبی ئۆروپی" (٢٠١٢، ل٣٣) بۆ واقعی شیعری کوردیش دەگونجێت. زانیاری شاعیرانی کورد لەسەر "ئەدەبی ئۆروپایی" بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە و زیاتر لەڕێگەی وەرگێڕانی تورکی و عەرەبییەوە ئەو زانیاریانەی بەدەست هێناوە. بەوحاڵەشەوە، ئەوانیش وەک هاوتا ئێرانییەکانیان سەرسام بوون بە ئۆروپا و ئۆرۆپایان بەباش دەزانی و وایان زانی کە "ئەدەبی ئۆروپایی" ڕۆڵێکی جەوهەری لە گەشەکردنیدا هەبووە، (کەریمی حەکاک، ٢٠١٢، ل٣٣) بەم جۆرە، ئەوروپا نەک بوو بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ زانست و تەکنەلۆجیا، بەڵکو بۆ کولتوور و ئەدەبی (پێشکەوتووە) کەشی. ئەم شیعرەی خوارەوە، کە تێدا پیرەمێرد سلێمانی زێدی خۆی بە تەکنەلۆجیای مۆدێرنەوە وێنا دەکات:

بە باڵی شیعر و خەیاڵ کەوتمە پەلە و تەک و تاز لە ئاسمانی سەرفرازی، بە جارێک کەوتمە پەرواز
...
ئەلەکتریک لە بەرانانەوە، هەتا گۆیژە
تەلی بەسەر شارا ڕاکێشرابوو بەبێ پەیژە
لە ڕاستی تەختی سلێمانی، چوار پێنج ئەندەی مانگ
گڵۆپی نوور، دەورو ژوور، ڕووناک ئەکاتەوە، تا بانگ
تەرەسوداتی تەلەسکۆبی، لە سەر ؛ومەر گدروون
لە پێش قوللەی ئیڤل، بۆی لواوە کەشفی شئوون
لە سەرچنارەوە تا تانجەڕۆ، لە ڕیزی چەم
بوخاری ماکینە، ڕووی ئاسمانی، کردووە بە تەم
لە گوڵپەوە چەمی خواجایی هەتا شنروێ
بە پێی تەبیعەتی بەگزادە، مونتکارلوی ئەوێ
بە تاقگەی سەری زەڵم بۆچی نەڵێم نیاگارە
ئەنەدە بە فەیزە، پریشکی کەفی گەوهەربارە
ئەساسی مەرکەزی تەیارەخانە لای خوڕماڵ
مواسەلاتی لە گەڵ ئەورووپا ئەکات ئیمکاڵ
تونێل بەناو گۆیژە و تاریدەرا وەکوو تووس
خەتی شەمەندەفەری پێ گەییە ناو خاکی ڕووس
...
ئەمانە من بە خەیاڵ یا خەو، کەوا ئەمدی
هیوام بە خوایە، بە کورد، بەڕاستی بێنێتە دی
(پیرەمێرد، ٢٠٠٩ب، ل ١٢١-١٢٢)

ئەم شیعرە کە پیرەمێرد یەکەم جار لە ژمارە ٤٤٧ ڕۆژنامەی ژیان لە ساڵی ١٩٣٥ ئاماژەی پێ ئەدا و لە دیوانەکەی بە تەواوی بڵاوکراوەتەوە، وێنەیەکی جیاوازی نیشتمان بە بەراورد بە وێنە خەیاڵییەکان لە شیعری کلاسیکدا پیشان دەدات. پیرەمێرد لە سەرسامی خۆیدا بە تەکنەلۆجیا، تەنانەت بە دیدێکی ڕۆمانسییانەوە دەڕوانێتە ئەو پیسبوونەی ژینگە کە پیشەسازی دروستی دەکات. بەراوردکردنی ئەم شیعرە لەگەڵ قەسیدە بەناوبانگەکەی شاعیری کلاسیکی ناسراوی کورد نالی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا نووسراوە و تێدا سلێمانی وێنا کراوە، ئەوە دەردەخات کە چۆن ترادسیۆنە ڕۆژئاواییەکان جێگەی ئەفسانەی ئیسلامی/ فارسی یان گرتووە. نالی لە وێناکردنی کانیاوەکانی شاری سلێمانیدا نووسیویەتی:

یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە
یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور
(٢٠٠١، ل١٨٠-١٨٧)

نالی لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەفسانەی ئایینی، کانییەکانی زێدی خۆی بەراورد دەکات بە "کانییەکانی نوور" لەسەر چیای تۆر/ سینا، کە تێدا تەورات بۆ موسا دابەزی. لە کاتێکدا پیرەمێرد بۆ

پیشاندانی شکۆی تاڤگەکانی کوردستان بەراوردیان دەکات لەگەڵ تاڤگەی نیاگارا. لە وێنە مۆدێرنەکەی پیرەمێرددا بۆ نیشتمان، هەموو لایەنەکانی مۆدێرنیتە، تەنانەت ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینی گەلی کورددا ناکۆک بوون، وەک "گازینۆ" قبوڵ کراو و بە ئاسایی دادەنران. شایانی باسە ئەم شیعرە هاوکات لەگەڵ هەڵمەتی مۆدێرنیزاسیۆنی کەمال ئەتاتورک لە تورکیا و ڕەزا شا لە ئێران چاپ کراوە.

تەوەرێکی دیکەی پەیوەست بە پرسی مۆدێرنیتە، نەتەوە و "پێشکەوتن" کە لە ڕێگەی شیعرەوە بڵاوبووەوە و بانگەشەی بۆ دەکرا، "پرسی ژن" و وێنەی "ژنی نوێ" بوو کە شاعیرانی مۆدێرنیست وێنایان دەکرد. هانی ژنان دەدرا فێری خوێندن و پەروەردە بن و باس لەوە دەکرا تا ژن و دایک فێرە خوێندن نەکرێن، کۆمەڵگای کوردی "پێشکەوتن" بەخۆیەوە نابینێ. هەژمارکردنی ژن وەک دایکی میللەت تێزێکی باو بوو لە گوتاری ناسیونالیستی کوردی، هەروەها عەرەبی و تورکی و فارسیشدا. بەڵام ئەوە تەنیا ئەقڵی ژن نەبوو کە بوو بە بابەتی مشتومڕی مۆدێرنیستی و ناسیۆنالیستی، بەڵکو دیوی دیاریش [فیزیکی] وەک نیشانەیەکی ڕوونی "پێشکەوتن"ی کۆمەڵگایەک سەیر دەکرا. بۆیە ژنان هان دەدران کە سەرپۆش فڕێ دەن، چونکە بێ سەرپۆشی بە "پێشکەوتن" لەقەڵەم دەدرا. (نەجم ئابادی. ١٣٨٤، ل١٣٣)

فایەق بێکەس (١٩٤٨-١٩٠٥)، یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی مۆدێرنیست، لە ساڵی ١٩٤٤دا نووسیویەتی:

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە
(بێکەس، ١٩٤٤\٢٠٠٨، ١٠٥-١٠٦)

فڕێدانی سەرپۆش هەوڵێك بوو بۆ جیاکردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە فەرهەنگی عەرەبی و ئیسلامی، لە ژێر کاریگەری پەرەسەندنی گوتاری ئاریایی لە ئێران لە ساڵانی ١٩٣٠دا[5] کە ئاراستەیدا هەبوو بۆ گرنگیدان بە مێژووی کورد لە پێش ئیسلام، پێچەوانەی پێشتر کە هەوڵ دەدرا تیشک بخرێتە سەر بەشداریی کورد لە مێژووی ئیسلامدا (بۆ نموونە لە شیعری هەکاریدا).

جگە لەم تێڕوانین و بابەتە نوێیانە، تاقیکردنەوەکانی سیستمی کێش و پێشنیاری قافیەی نوێ لەلایەن هەکاری و قەدری جانەوە (باڵەکی ٢٠٠٥؛ پیرباڵ ٢٠٠٥) و گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی، لەڕووی شکڵەوە دەست کرا بە جیاکردنەوەی شیعری کوردی لە شیعری کلاسیکی. دووبارە دۆزینەوەی کێشی هیجایی، ئیلهامی وەرگرتبوو لە تێگەیشتنی نوێ لە فۆلکلۆر لە پرۆژەی بنیاتنانی نەتەوە و دەستپێشخەرییەکانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لە سەرەتای سەدەی بیستەم. کێشی هیجایی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بەکارهاتبوو و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بە "کێشی خۆماڵی" لەقەڵەم دەدرا. بۆ ئەو شاعیرە مۆدێرنیستانەی کە بە گرتنەبەری شکڵ و زمانێکی "نزیکتر لە خەڵک" هەوڵیان دەدا خۆیان لە شاعیرانی کلاسیکی پێش خۆیان دوور بخەنەوە، فۆلکلۆر بە زمان و شکڵ و ناوەڕۆکەکەیەوە ئیلهامبەخش بوو. (بوخنسکا و قادری، ٢٠٢٢) پیرەمێرد، ڕێبەرایەتی یەکێك لە گشتگیرترین دەستپێشخەرەکان کرد و پەندە کوردییەکانی بە شێوەی شیعر لە ڕۆژنامە کوردییەکانی ژیان و ژین لە ساڵی ١٩٣٢ تا ١٩٥٠ بڵاوکردەوە. ئەم پەندانە دواتر لە کتێبێکی چەند بەرگیدا بڵاوکرانەوە و بە یەکێك لە گشتگیرترین کۆمەڵە ئەدەبیە زارەکییەکانی سۆرانی لەقەڵەم دەدرێ. (بوخاسکا و قادری، ٢٠٢٢) نووسەرانی کورد هاندەدران بۆ زیندووکردنەوەی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردی لە ڕێگەی شیعر و ژانرە ئەدەبییە تازەباوەکانی ترەوە.[6] ئیلهام وەرگرتن لە نەریتی فۆلکلۆر بەهەمان شێوە لە دڵی شاعیرانی گروپی (Bes Hecelir) لە شیعری مۆدێرنی تورکدا بوو (میگنۆن، ٢٠٢٢، ل ٨٣-٨٥)، کە ڕەنگە سەرچاوەی ئیلهام بووبێت بۆ شاعیرانی مۆدێرنیستی کوردیش.

وازهێنان لە عەرووز و بەکارهێنانی کێشی هیجایی زۆر بەخێرایی بوو بە دیارترین نیشانەی شیعری مۆدێرن، تەنانەت بە کێشی "نەتەوەیی" ناودەبرا (گۆران، ٢٠١١، ل ٢٨)، لە کاتێکدا عەرووز بە کێشی "بێگانە" و "نارەسەن" هەژمار دەکرا. (ئیلخانیزادە، ١٩٧٣، ل ٢٥٢) جگە لەوەش، هەڵمەتی پاککردنەوەی زمان (پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی فارسی و تورکی و عەرەبی) کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەری هەڵدا (حەسەنپوور، ١٣٧٨، ل ٧٠) لە ساڵانی ١٩٣٠ و چلەکاندا بووە جێی بایەخ و شاعیرانی وەک شێخ نووری شێخ ساڵح [7] و گۆران ڕۆڵی سەرەکییان لەم

---

[5]. گوتاری ئاریایی کە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەمدا تەواوی نووسراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ئێران و هیندستانی گرتەوە و مۆدێلێکی سەرنجراکێشی مێژووی بۆ ئایدیۆلۆژیستە ناسیۆنالیستەکانی ئێران دابین کرد (ضیا ئیبراهیمی، ٢٠١٠، ل ٤٥٢-٤٥٤). و ئەو بڕوایەی دروست کرد کە ئەوان یەکسانن لەگەڵ ئەورووپییەکان (زیا ئیبراهیمی، ٢٠١٠، ل ٤٧٢)

[6]. بۆ نموونە پیرەمێرد چوار شانۆگەریی نووسیوە، کە هەموویان لەسەر بنەمای چیرۆکی ئەفسانەیی و مێژوویی کوردی بوون: [مەم و زین، ١٩٣٥]، [ دوانزە سوارەی مەریوان، ١٩٣٥]، [شەریف هەمەوەندی، ١٩٣٦] و [چیرۆکی مەحمود ئاغا شیوەکەڵ ١٩٤٢].

[7]. کۆمەڵە شیعری شێخ نووری بەشێکی لەژێر ناونیشانی شیعری "کوردی پاک" لەخۆدەگرێت.

بزووتنەوەیدا هەبوو. بەم شێوەیە لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی ئاشکرا لە هەردوو ڕووی شێوە و ناوەڕۆکدا سەریان هەڵدا.

## ٥. دەرئەنجام

حاجی قادری کۆیی ترسی ئەوەی هەبوو کە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و دەرچوونی ڕۆژنامە و ڕۆمان، ببنە هۆی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سەدان ساڵەی شیعر. لە ڕاستیدا، پەیوەندیی شیعر لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا خرایە ژێر پرسیارەوە. سەرەڕای ئەوەش، وەک لەم وتارە خرایەڕوو، مۆدێرنیتە نەک هەر پێگەی شیعری کەم نەکردەوە، بەڵکو شیعری وەک ئامرازێکی بەهێزی ڕۆشنگەری و بەرخۆدان، بەهێزتر کرد.

شیعری مۆدێرنی کوردی وەک کاردانەوەیەک بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی پرۆسەیەکی لەسەرخۆی گۆڕانکاری بوو کە تیایدا شێوە کلاسیکییەکان خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی مۆدێرنیتەدا گونجاند. ئەم پەرەسەندنە لەسەرخۆیە دەربڕینێکی سروشتی ئەو ڕاستیە بوو کە شیعر هەم لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە دەخوێندرایەوە و هەم بە شێوەی زارەکی لەناو خەڵکی ئاساییی، کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون بڵاودەبووەوە. هەرچەندە وەرگێڕانی شیعری ئەورووپی لە قۆناغەکانی دواتری نوێبوونەوەی شیعردا ئاسۆیەکی تازەی بەرووی شاعیرانی کورددا کردەوە، بەڵام بەڕای من لە ڕەخنەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا لەبارەی کاریگەرییەکەی لەسەر سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرنی کوردی زیادەڕەوی کراوە. بە شێوەیەکی گشتی پاڵنەرەکانی گۆڕینی شیعر زیاتر کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون. شیعری مۆدێرن ئەو فۆرمە ئەدەبییە بوو کە هاوتەریب بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی. پرۆسەی نەتەوەسازی لە کوردستان و دروستبوونی "کۆمەڵگەی خەیاڵی"[8] کوردی بەهۆی درەنگ هاتنی چاپخانە بۆ کوردستان و زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری و کەمی تیراژی ڕۆژنامە کوردییەکان دوای هاتنی چاپخانە و کێشە ئابووری و سیاسییەکان، و ڕێگرییەکان لە چاپکردن بە زمانی کوردی، ناسیونالیزمی کوردی نەیتوانی تەنیا پشت بە میدیای چاپی ببەستێت. پارەی بڵاوکراوە سەرەتاییەکانی کوردی، تەنانەت تا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووش لەلایەن هەندێ کەسەوە دابین دەکرا و بێ قازانج بوو. هەر لەبەر ئەوە تەنیا شیعر بوو وەک ئامرازێک گوتاری بنیاتنان و بڵاوکردنەوەی ناسیۆنالیزمی پێ سپێردرابوو. بەدرێژایی سەدەی بیستەم، شیعری مۆدێرن بەشێکی دانەبڕاوی ڕاپەڕین و شۆڕشە سیاسییەکانی کورد بووە و ئامرازێکی کاریگەر بووە بۆ جوڵاندنی هێزەکان و هەروەها فەزایەک بووە بۆ بەرخۆدان.

## سەرچاوەکان:


١. عارف، م. ن. (٢٠٠٩). فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی، سالم، کوردی. ئاراس.

٢. باڵەکی، ی. ر. ە. (٢٠٠٥). سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢. سپیرێژ.

٣. بێکەس، ف. (٢٠٠٨). دیوانی فایەق بێکەس. شڤان.

٤. جاف، ئ. م. (٢٠٢٠). دیوانی ئەحەمد موختار جاف (ئۆنلاین). ڤەژین بۆکس.

٥. *https://books.vejin.net/ck/text/2751*

٦. ئەسیری (٢٠٠٦). دیوانی ئەسیری. ئاراس.

٧. گۆران، ع. (٢٠٠٢). کۆنی و تازەیی لە هەلبەستا. لە گۆران، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی. ئۆمێد ئاشنا. ئاراس. لل. ٢٧-٣٢.

٨. هەکاری، ر. ر. (١٩١٨). خەوا مە. ژین، ژمارە ١.

٩. هەکاری، ر. ر. (١٩١٩). نەزانین. ژین، ژمارەی ١٧.

١٠. حیلمی، ر. (١٩٨٨). شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. چاپخانەی تعلیم و تعالی.

١١. ئیلخانیزادە، س. (١٩٧٣). شیعری کوردی و کێشی عەرووزی. لە تاپۆ و بوومەلێڵ. ئاراس. لل. ٢٤٩-٢٥٣.

١٢. کاکەی فەلاح. (١٩٧٨). کاروانی شێعری نوێی کوردی. بەرگی ١.

١٣. کۆیی، ح. ق. (٢٠٠٧). دیوانی حاجی قادری کۆیی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. پەرتووک.

١٤. نالی. (٢٠٠١). دیوانی نالی. ێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەرێس و فاتح عەبدولکەریم. ئینتیشاراتی کوردستان.

١٥. پیرباڵ، ف. (٢٠٠٥). ره گ و ریشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨. دەزگای کوردستان.

١٦. پیرەمێرد (١٩٣٥\٢٠٠٧). دوانزە سواری مەریوان. پەیوەند.

١٧. پیرەمێرد (٢٠٠٩ا). مەحموود ئاخای شێوەکەل، پیەسی تەمسیلی راستی تەئریخی لە وڵاتی خۆمان دا روویداوە. پێداچوونەوە. مەلا کەریم. چاپخانەی نەوڕەس.

١٨. پیرەمێرد (٢٠٠٩ب). پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێی ژیان و بەرهەمەکانی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئۆمێد ئاشنا. ئاراس.

١٩. رەسوڵ، ع. م. (١٩٩٠). ئەدەبیاتی نوێی کوردی. چاپخانەی فێرکردنی باڵا.

٢٠. شێخ ساڵح، ش. ن. (٢٠٠٨). دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح. ئاراس.

٢١. خەزنەدار، م. (٢٠٠٥). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی ١. ئاراس.

22. *Aydın, D. (2005). Mobilizing the Kurds in Turkey: Newroz as a myth. Unpublished MA* Thesis. Middle East Technical University. Badawi, M. M. (1975). A Critical Introduction to Modern Arabic Poetry. Cambridge University Press .


[8]. بینیدیکت ریچارد ئەندرسۆن، پسپۆری بواری مێژوو و لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی و کاروباری ئاسیا بو لە زانکۆی کورنیل-ی ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٨٣ لە ڕێگەی کتێبی "کۆمەڵگەی خەیاڵی "Communities Imagined" کە باس لە بنچینەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم دەکات ناوبانگی دەرکرد. پێی وایە چاپخانە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دروست بوونی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی و لە ڕێگەی چاپخانەوە زمانە لۆکاڵیەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی و فەرەنسی بوون بە زمانی دەوڵەت و ئاین و کۆمەڵگا

38. Karimi-Hakkak, A. (2012). Recasting Persian poetry: Scenarios of poetic modernity in Iran. Oneworld Publications.
39. Lotman, Y. M. (1976). An Analysis of the poetic Text. D. B. Johnson (Ed. & Trans.). Ardis Publishers.
40. Lotman, Y. M. (1977). The Structure of the Artistic Text. G. Lenhoff and R. Vroon (Trans.). Department of Slavic Languages and Literature, University of Michigan.
41. Mignon, L. (2010a). Love in the poetry of the five Syllabists. In Neither Shiraz nor Paris, papers on modern Turkish literature (pp. 77–103). The ISIS Press.
42. Minorsky, V. (1943). The Gūrān. Bulletin of the School of Oriental and African Studies, 11(1), 75–103. https://doi.org/10.1017/s0041977x00071226
43. Moseley, C. (2010). Atlas of the world's languages in danger. UNESCO Publishing.
44. Najmabadi, A. (2005). Women with mustaches and men without beards: Gender and sexual anxieties of Iranian modernity. University of California Press. https://doi.org/10.1525/9780520931381
45. Ringer. M. M. (2001). Education, Religion, and the Discourse of Cultural Reform in Qajar Iran. Mazda Publishers.
46. Sabir, R. (2006). An introduction to Kurdish poetry. In R. Sabir, K. Mirawdeli, & S. Watts (Eds.), Modern Kurdish poetry: An anthology & introduction (pp. 13–29). Centre for Multiethnic Research, Uppsala University.
47. Zia-Ebrahimi, R. (2011). Self-orientalization and dislocation: The uses and abuses of the "Aryan" discourse in Iran. Iranian Studies, 44(4), 445–472. https://doi.org/10.1080/00210862.2011.569326
23. Blau, J. (1996). Kurdish written literature. In P. G. Kreyenbroek, & C. Allison (Eds.), Kurdish culture and identity (pp. 20–28). Zed Books.
24. Bochenska, J., & Ghaderi, F. (2022). 'Gan qey bedenî yeno çi mana': Collecting Kurdish folklore as a strategy for language revitalisation and knowledge production.
25. De Fouchécour, C. (2006). Iran viii. Persian literature (2) classical. Encyclopædia Iranica, XIII(4), 414–432. Available online at https://www.iranicaonline.org/articles/iran-viii2-classical-persian-literature
26. Eisenstadt, S. N. (2000). Multiple modernities. Dædalus, 129(1), 1–29. https://doi.org/10.4324/9781315124872-1
27. Ferdowsi, A. (1967). The epic of the kings, Shah-Nama the national epic of Persian. R. Levy (Trans.). Routledge.
28. Ghaderi, F. (2016). The emergence and development of modern Kurdish poetry. Unpublished Doctoral Dissertation, University of Exeter.
29. Ghaderi, F. (2017). The literary legacy of the Ardalans. Kurdish Studies Journal, 5(1), 32–55. https://doi.org/10.33182/ks.v5i1.419
30. Ghaderi, F. (2021). Nasrin. In F. Ghaderi, C. Scalbert Yucel, & Y. Ali (Eds.), Women's voices from Kurdistan: A selection of Kurdish poetry. Transnational Press London .
31. Haig, G., & Öpengin, E. (2014). Introduction to special issue: Kurdish: A critical research overview. Kurdish Studies, 2(2), 99–122. https://doi.org/10.33182/ks.v2i2.397
32. Hassan, S. S. (2013). Women and Literature: A Feminist Reading of Kurdish Women's Poetry. Unpublished PhD Dissertation, University of Exeter .
33. Hassanpour, A. (1990). The Language factor in national development: The standardization of the Kurdish language, 1918–1985. Published Doctoral Dissertation. University of Illinois at Urbana-Champaign .
34. Hassanpour, A. (1992). Nationalism and language in Kurdistan. Mellon Research University Press.
35. Hasanpoor, J. (1999). A study of European, Persian, and Arabic loans in standard Sorani. Doctoral dissertation. Uppsala University .
36. Jameson, F. (2002). A singular modernity. Verso.
37. Karim, D. L. (1985). A comparative study of free verse in Arabic and Kurdish: The literary careers of al-Sayyāb and Gōrān Unpublished Doctoral Dissertation. University of Glasgow.